ئاسایشی سعوودیە دوو ئافرەت و پیاوێکی دەستگیرکرد بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی "بەدڕەوشتی"

ئاسایشی گشتی وەاتی سعوودیە ڕایگەیاندووە، کە 3 هاوڵاتی بیانی (پیاوێک و دوو ژن) لە ناوچەی قەسیم دەستگیرکردووە و دەڵێت: بەتۆمەتی "لەشفرۆشی و کاری بەدڕەوشتی دەستگیرکراون".

ئاسایشی گشتی سعوودیە لە هەژماری فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەکس نووسیویەتی، "پۆلیسی ناوچەی قەسیم بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی گشتی ئاسایشی کۆمەڵگە و بەڕێنگاربوونەوەی تاوانکانی قاچاخی مرۆڤ، 3 هاوڵاتی بیانیان دەستگیرکردووە کە پیاوێک و دوو ئافرەتن، بە تۆمەتی لەشفرۆشی و کاری بەدڕەوشتی.

https://x.com/security_gov/status/1891789981238145377?ref_src=twsrc%5Etfw%7Ctwcamp%5Etweetembed%7Ctwterm%5E1891789981238145377%7Ctwgr%5E794b0946e917335f0dcf543de1a23ad00ea9aff8%7Ctwcon-%5Es1_c10&ref_url=https%3A%2F%2Farabic.cnn.com%2Fmiddle-east%2Farticle%2F2025%2F02%2F18%2Fsaudi-arabia-arrests-3-expats-practicing-prostitution

ئاسایشی گشتی سعوودیە ئەوەشی خستەڕوو، "دەستگیرکراون و ڕەوشونی یاسایان لەدژیان گیراوەتەبەر و کەیسەکەیان ڕەوانەی داواکاری گشتی کراوە".